ئەحمەد سکاڵای یاسایی دژی 20کەس تۆمارکات کە خیان بۆ "تۆژەری کۆمەڵایەتی" دەناسێن

ئەحمەد ئەسەدی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق ئەمڕۆ شەممەیە بڵیاریدا بە تۆمارکردنی 20 سکاڵای یاسایی لەدژی خاوەن ژمارە تەلەفۆن و پەیجی ساختەو ئەوانەی خیان وەک تۆژەری کۆمەڵایەتی دەناسێنن.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەحمەد موسەوی زاری سەرۆکی دەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتی رایگەیاندوە، بە پشتبەستن بە ڕێنمایی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەشی یاسایی دەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتی سکاڵای یاسایی لەبەردەم دادگاکانی تاوان لەدژی ئەم کەسانە تۆمار کردوە کە هاوڵاتیان هەڕەشەلێدەکەن و فریویان دەدەن.

ئاماژەی بەوەشکردوە، بەشی یاسایی کۆمسیۆن لە ماوەی سێی ڕابردودا هەزار و 77 دۆسیەی جۆراوجۆری تەواو کردوە، کە بەسەر دۆسیەی تایبەتدا دابەشکراون لەبەردەم دەستەی دەستپاکی و دادگاکانی تاوان، دادگاکانی دادپەروەری فەرمانبەران، دادگا کارگێییەکان، جگە

لەی 118 دەسیەی لێکۆڵینەوەی لێژنەکان کەی کارەکانیان تەواو بون.

هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هێشداریداوە لەوەی، هەرکەسێك خۆی بەتوژەری کۆمەڵایەتی بناسێنێت لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ژمارەی و پەیجی ساختەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ئاسایشی نیشتمانی روبەڕوی لێپرسینەوەی دەبێتەوە.